فوئاد حسێن: لەهەوڵدان بۆ بڵاوپێهێنان بەگروپەچەکدارەکان کەدەستبەردارى چەکەکانیان بن



فوئاد حسێن وەزیرى دەرەوەى عێراق رایدەگەیەنێت، لەهەوڵدان بۆ بڵاوپێهێنان بەگروپەچەکدارەکان کەدەستبەردارى چەکەکانیان بن لەبەرئەوەى چیتر چەك لەدەرەوەى دەوڵەت قبوڵ ناکرێت و لەبارەى دۆخى سوریاشەوە دەڵێت، "عێراق دڵنیانابێت لەبارەى سوریا، تا ئەو کاتەى پرسەیەکى سیاسى گشتگیر دەبینێت".

فوئاد حسێن وەزیرى دەرەوەى عێراق لەلێدوانێکدا بۆ ئاژانسى هەواڵى رۆیتەرز رایگەیاندوە، "عێراق لەهەوڵدایە بڵاوبە گروپەچەکدارەکان بهێنێت کەدەستبەردارى چەکەکانیان بن، هیواداریشین ببنە بەشێك لەهێزەچەکدارەکان، چونکەلەمەودوا چەك لەدەرەوەى دەوڵەت بەکارێکى قبوڵنەکراو تەماشا دەکرێت".

لەبارەى پەیوەندیەکانى بەغدا و واشنتن، وەزیرى دەرەوەى عێراق ئاشکرایکردوە، ""عێراق دەیەوێت پەیوەندییەکى باشى هەبێت لەگەڵ ئەمریکا دواى دەستبەکاربونى دۆناڵد ترەمپ لەپۆستى سەرۆکى ئەو وڵاتە".

سەبارەبە دۆخى سوریا، ئەوەشیخستەڕو، "عێراق دڵنیانابێت لەبارەى سوریا، تا ئەو کاتەى

پرسەیەکی سیاسی گشتگیر دەبینێت، چونکە ئەمە ترسمان لە داعش هەیە، بەیە
لەپەیوەندیدا لەگەڵ لایەنی سوریا، لەکتایدا بڕئەوەی دیمەشق سەقامگیربێت، پێویستە
نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکان بەشداری پرسەی سیاسی بکەن".